

شەقامی چواراباغ

هووشەنگ گوڵشیری
لە فارسییەوە: هادی حەبیبی
(بۆکان)

دەمەو ئێوارە بوو کە پیاوێک، بە یەکێک لە چنارەکانی شاردا هەڵدەڕۆچکا. دوو دەستی خۆی بە هێمنی، لە لکی دارەکە گیردەکرد و لاقەکانیشی لە دەوری چنارەکە، پاپۆکەی دەخواردەوە و بە قەدی ویشک و ڕزیوی چنارەکەدا هەڵدەزنا. بە پشت نێفەکی پانتۆڵەکەیەوە، دوو پینەی هەر یەک لە ڕەنگێک، دەمیان پان کردبووەوە و ڕێک بنی تایەک لە پێڵاوەکانیشی، کون بووبوون.

خەڵکەکە کە چاویان لە دووکانەکانیان بوو؛ کتوپڕ ئاوڕیان دایەوە و سەرنجیان بۆ کابرا ڕاکێشا، کە بە چنارەکەدا وەسەر دەکەوت. ژنێکی جحێڵ، کە باسکی سپی و ناسکی لێ هەڵماڵیبوو، دەستی کوڕە چکۆڵە و خرپنەکەی بە دوو دەست گرت و چاوی لە کابرا بڕی، کە جار لەگەڵ جار زیاتر وەسەر دەکەوت، لاوێکی کەڵەگەت بە دوو قامکی دەستی ڕاستی، گرێی بۆینباخەکەی شل کردەوە و لە کابرا ورد بووەوە؛ دواتر گەڕاوە و نیگای بە سەر باسک و سینگی ژنەدا خزاند.

کەلێن و قوژبنی ئاسمان، بە چەند پەڵە هەوری ڕەش و چڵکن، پینە کرابوون و پڕشنگی خۆرەتاو، نێوقەدی چنارەکەی ڕوونـاک دەکردەوە. پیاوێک کە شەپقەی بەسەر بوو، بە سەرسوڕمانەوە پرسی: «بۆ گەیشتووهتە ئەو سەرە؟»

پیاوێکی خەپەتۆڵەی زگ زل، کە لە تەنیشتییەوە ڕاوەستابوو، لەبەر خۆیەوە بۆڵاندی: «نازانم، ڕەنگە شێت بێ!»

لاوە کەڵەگەتەکە هەڵیدایە: «نا کاکە! شێت نییە، ڕەنگە بیەوێ خۆی بکوژێ!»

پیاوێکی درێژی قەڵەو کە تووکی بە پێش سەرەوە نەمابوو، بە ناڕەزایەتییەوە کوتی: «چۆن کاکە؟ کەسێک خۆی بکوژێ، شێت نییە؟ یانی تۆ پێت عاقڵە؟»

پاسەوانێک لەنێو جەماوەرەکەدا خۆیا بوو و بە دەنگێکی منگنەوە پرسی: «چ باسە؟»، بەڵام خەڵکەکە وەڵامیان نەدایەوە و تەنیا چاویان لە سەرەوە دەکرد. کابرا تازە لە سێبەرەکە تێپەڕیبوو و تیشکی خۆرەتاوەکە، بەسەر کراس و پانتۆڵە خۆڵەمێشییەکەیدا بڵاو بووبووەوە. پاسەوانەکە کە لەچوونەسەرێی کابراکە، بە ڕقدا چووبوو؛ ئەویش بە ڕۆژی ڕوون، سەری تێڵاکەی ڕاوەشاند و نەڕاندی: «هۆی بارگین! وەرە خوارەوە! بۆ گەیشتوویە ئەو سەرە؟»

پیاوێک کە بە تازەیی خۆی گەیاندبووە نێو جەماوەرەکە؛ بە وردی پێکەنی. پاسەوانەکە لێی گەڕایەوە و مۆڕەیەکی توندی لێ کرد و تێڵاکەی بەرانبەری ڕاوەشاند و هەمدیسان، نیگای وردی بەسەر خەڵکەکەدا سەپاند. دواییش گوڕاندی: «چ خەبەرە؟ شاییە، وا کۆ بوونەتەوە؟»

ئەوجار پاڵی بە چەند نەفەرەوە نا و چاوی لە کابرا کرد، کە گەیشتبووە نووچکی چنارەکە. بە دوو قامکی دەستی ڕاستی، تووکی سمێڵی کە بەسەر لێوی خوارەوەیدا شۆڕ بووبووەوە، هەڵپێچا و بێدەنگ ڕاوەستا.

ژنێکی شڕۆڵ کە منداڵێکی زەردەخەڵکەڕاوی بە کۆڵەوە بوو، لەنێو جەماوەرەکەدا تخێڵ بوو و دەستی بەرانبەر بە کەسێک گرتەوە و کوتی: «کاکە خێرێکم پێ بکە!»، بەڵام کاتێک دیتی هەموو، چاو لە سەرێ دەکەن، ئەویش سەرنجی پووچەڵی خۆی، بەرەو چنارەکە ڕاکێشا. چڵمی منداڵەکەی لە دوو کونە لووتییەوە، وەک دوو کرمی سپی بە لێوی خوارەوەیدا شۆڕ بووبووەوە.

ژنێکی چارشێو بەسەر، کە دوو منداڵی ورد و درشت بە دوایدا هەڵدەهاتن، لەوبەری شەقامەکەوە هاتە ئەم بەر و کاتێک کابرای بەسەر نووچکی چنارەکەوە دی؛ واقی وڕما و کوتی: «قوڕم بەسەرا! ئەو پیاوە زلە بۆ چووەتە ئەو سەرە؟ هەربینا بەربووەوە!»

کەس متەقی لێوە نەدەهات، تەنیا ژنە سوااڵکەرەکە لەو نێوەدا دەستی بۆ کابرایەک گرتبووەوە، کە کابرا چاویلکەیەکی لە چاو دابوو و پێداگرانە چاوی بۆ نووچکی چنارەکە دەگێڕا. منداڵەکەی سەرکۆڵیشی، بەو چاوە ڕەش و زیتانەیەوە، سەیری خەڵکی دەکرد و بە نووکی زمانی، چڵمەکەی دەلێستەوە، هەروەها دەستە پیس و زەردەخەڵگەڕاو و لاوازەکەی دەجووڵاندەوە. چەند تاڵ قژ لەژێر لەچکە چڵکنەکەیەوە، سیخ بوونەوو و بە ڕوخساریدا بڵاو بووبووەوە؛ ژنە سوااڵکەرەکە چارشێوەکەی ڕاستەوپاستە کرد. سەرپۆشێکی چڵک هەڵگر، کە قژەسەری پێ دەشاردەوە، بە دەرزی لەژێر ملی توند کردبوو.

کابرای چاویلکە لەچاو، بە کاوەخۆ کوتی: «واچاکە یەکێک بچێ بیهێنێتە خوارێ، نەکا خۆی فڕێ دا!»

لاوە کەڵەگەتەکە وەڵامی دایەوە: «ناکرێ... تا یەکێک دەگاتە ئەوسەرە، ئەو خۆیشی بەردراوەتەوە.»، دواتر بەرانبەر بە ژنە سوااڵکەرەکە کە ڕووبەڕووی چەقی بوو، کوتی: «وردەم پێ نییە!»

ئۆتۆمبێلەکان لەنێو شەقامەکەدا، یەک بە دوای یەکدا ڕیز دەبوون. لە سەیارەکەی پێشەوە، کچۆڵەیەک سەری هێنابووە دەرێ و لە کابرایەکی دەڕوانی، کە بەسەر نووچکی چنارێکەوە دەجووڵایەوە. پیاوێکی ورگن کە بۆینباخێکی پان، لەژێر یەخە سپییەکەیەوە شۆڕ بووبووەوە، لە سەیارەکە دابەزی و بەرەو حەشیمەتەکە هات. چەند پاسەوان گەیشتنێ و

خەڵکیان گەمارۆ دا. پاسەوانەکان بڵاوەیان بە خەڵکی کرد، بەڵام حەشیمەتەکە پاش و پێش بوون و هەمدیسان کۆ بوونەوە. پیاوە ورگنەکە لە پۆلیسە سمێڵییەکەی پرسی: «چ باسە؟ ئەو هەتیوە لەو سەرە چ دەکا؟»

پاسەوانەکە بە ترسەوە، هەردووک پاژنەی پێی بە تووندی لە یەک دا و بە ڕێزەوە ڕاوەستا. دواتر لەژێر لێوییەوە کوتی: «جەناب سەرهەنگ! دەیەوێ خۆی ب... بکوژێ!»

خەڵک سەرنجیان لە پاسەوانە سمێڵییەکەوە، بەرەو پیاوە قەڵەوە تەپۆشەکە ڕاگوێست و ئەوکات، هەمدیسان سەرگەرمی تەماشای کابراکە بوون، کە لە نووچکی دارەکەوە خۆی خوار کردبووەوە.

لەپڕ دەنگی ڕۆژنامەفرۆشێک، لەنێو ئاپۆرەی خەڵکدا بەرز بووەوە:

«هەواڵی گرنگی ئەوڕۆ! کوژرانی دوو ژنی خراپە، بە دەستی لاوێک.»، دوای ماوەیەکی کورت، دەنگی ڕۆژنامەفرۆشەکە، لەنێو هەرا و هەنگامەی خەڵکیدا، نوقم بووبوو. بیرۆکەیەک هاتە نێو مێشکمەوە؛ سەرم هەڵێنا و بەرانبەر بە کابرا، هەرام کرد: «هۆی کاکە گیان! ئێمە هاوکاری مااڵیت دەکەین و پارەت بۆ کۆ دەکەینەوە؛ تۆش واز بێنە! »

دەنگم بەسەر حەشیمەتەکەدا بەرز بۆوە. دواتر دەستم بە گیرفانمدا کرد و دوو تمەنی زیوم دەرهێنا و فرێم دا بەر لاقم. یەکێک لە تمەنییەکان، خلۆر بۆوە و لەژێر لاقی جەماوەرەکەدا ون بوو. خەڵکی بە پاڵەپەستێ، تمەنەکەیان دۆزییەوە و ئەوجار هەریەکەی لەبەرخۆیەوە، قەرەپووڵی دەرهێنا و پارە هەڵچندرا. قەرەپووڵ زرنگەی دەهات، کابرا خەپەتۆڵەکە هەرچەندە خەریکی گیرفانی بوو، هیچی وەبەردەست نەهات، بە دوای ئەوەدا، بە ئارامی و بە چەشنێک کە من گوێم لێ بێ، کوتی: «بە زیاد نەبێ! وردەم پێ نییە...»

ژنە چارشێوییەکە، تووڕەکە چڵکنەکەی لەنێو لینگی دەرهێنا و دوو شایی پەش بۆوەی، فڕێ دا سەر قەرەپووڵەکان. لەپڕ دەنگی کابرا لەسەر چنارەکە، وەک دەنگێک لەبنی چاڵاوێکەوە، زایەڵەی هات:

«من پارەم ناوێ... بیدەن بە کفن بۆ باوکتان!»

نەپەی کابرا دەنگی دەدایەوە؛ بەڵام جوان دیار بوو دەنگەکە دەلەرزی. ئیتر کەس وردەی بۆ نەهاویشت. ژنە سواڵکەرەکە، چاوی لە قەرەپووڵەکان بڕی و لەپێش چاوان ون بوو. کابرا تەپۆشەکە، قسەیەکی بە گوێی پاسەوانە سمێڵییەکەدا چرپاند، پاسەوانەکەش گەڕایەوە و بەرەو سەرێ نەڕاندی: «هۆی مامە گیان! وەرە خوارەوە! جەناب سەرهەنگ ئامادەیە، هەمەجۆرە یارمەتیت بدات!»

ئەفسەرێکی کورتەباڵا کە تازە خەتی دابوو؛ لەپشتەوە پاڵی بە خەڵکەوە دەنا و پاش و پێشی پێ دەکردن. کاتێک نزیک بۆوە، بەسەر پاسەبانەکاندا گوڕاندی: «زووکەن! بڵاوەیان پێ بکەن!»

دەنگی کابرا لەسەر چنارەکەوە خزییە خوارەوە: «مااڵتان بە قوڕ گیرێ! خێرم پێ دەکەن؟!»

ئەفسەرەکە کە بە تازەیی گەیشتبووە شوێنی ڕووداوەکە، لە پاسەوانەکانی - کە خەبەردار وێستابوون- پرسی: «ئەوە چ دەکا لەو سەرە؟»

یەکیان، لەبەرخۆیەوە وەاڵمی دایەوە: «گەورەم! دەیەوێ خۆی بکوژێ!»

ئەفسەرەکە دەستبەجێ هاتە جواب: «دەیجا؟ خۆکوشتن، کۆبوونەوەی دەوێ؟، یاڵاڵا بڵاوەیان پێ بکەن»، دواتر ڕووی لە خەڵکەکە کرد و کوتی: «کاکی خۆم بۆ کۆ بوونەتەوە؟ هەرئێستا ئێرە چۆڵ کەن!».

ڕاست لەو کاتەدا چاوی بە سەرهەنگ کەوت، خۆی کۆ کردەوە و خەبەردار وێستا و سڵاوی کرد.

پاسەوانەکان تێیان کەوتن. دەنگی فیقەی پۆلیسی هاتوچۆ- کە بەزۆری نۆتۆمبێلەکانیان ناچار بە ڕۆیشتن دەکرد- گوێچکەی کەپ دەکرد. قەرەپووڵ کەوتبووە ژێرلاقی خەڵکی و هەندێک دانەوێبوون و پارەیان کۆ دەکردەوە. ژنە جحێڵەکە کە جێی ڕاوەستانەکەی پێ لێژ بووبوو؛ پڕی دا منداڵەکەی و لەنێو حەشیمەتەکە هەڵاتە دەرێ. لاوە کەڵەگەتەکەش خێرا بە دوایدا ون بوو.

یەکێک بە منگەمنگەوە گوڕاندی: «چۆنی بگرینەوە؟ خۆ تۆپ نییە!»، دوایەش دەسڕەکەی بە لووتییەوە نا و دوو سێ جاری فنەفن کرد. خەڵکی نێوچاوانیان لێ تێک نا، بەڵام کابرا بە بێ ئەوەی گوێیان بداتێ، دەسڕەکەی پێچاوە و لە گیرفانی ئاخنی و هەمدیسان هۆشی چووەوە سەر دارەکە.

لەوبەری جەماوەرەکەوە، لاوێکی چوارشانە کە جگەرەی دەکێشا، کوتی: «بێتو بەربێتەوە، دوان- سێیانێکمان پان و فڵیچ دەکاتەوە! بەڵام وادیارە هیچ بۆی گرنگ نییە، لەوسەرەوە خەریکە گاڵتەمان پێ دەکا.»، دوایی بەرانبەر بەو کەسەی کە لەپشتەوە پاڵی پێوە دەنا، کوتی: «بۆ پاڵ دەنێی؟ ناتوانی ڕاوەستی؟»

پیاوێک کە منداڵێکی کردبووە قەڵاندۆشی، هەوڵی دەدا سەرنجی منداڵە قژکاڵەکەی، بەرەو سەرێ ڕابکێشێ: «بە قوربان، چاو لە سەرێ کە، چاو، لەسەر نووچکی چنارەکەیە!»

لەولاتەرەوە کابرایەکی لاواز، لووتیت گرتبایە گیانی دەردەچوو، بە گۆڤارێک- کە وێنەی ژنێکی سینگ ڕووت و لێو بە بزەی بەسەرەوە بوو- خۆی باوەشێن دەکرد. لەپشت چنارەکەوە، خەڵکی وەسەر شان و کۆڵی یەکتر دەپەڕین و لە نووچکی چنارەکەیان دەڕوانی. نۆتۆمبێلەکان بەدوای یەکدا دەهاتن و دەچوون و لەپشت شووشەکانیانەوە، موسافیری سەرسوڕماو، چاویان لە چنارەکە زەق کردبووەوە. پۆلیسی هاتوچۆ بەردەوام فیقەی دەکێشا و چەند پاسەوانی دیکەش، لەنێو خەڵکدا جموجۆڵیان بوو.

لەنێو ئاپۆرەکەدا، مێرمنداڵێک بە گاڵتەوە کوتی: «کابرا پێیوایە چنار، قسنە. چووە بۆ زیارەتی.»

هەمدیسان نەڕاندی: «هۆی خاڵە گیان وریا بە، بەرنەبییەوە...دەقەڵەشێی!»

چەند کەسی دەوروبەری، ڕوویان لێ گرژ کرد، ئەویش بێدەنگ بوو. هەندێک لە خەڵکەکە، تاکولۆک بۆڵەیان کرد و ڕۆیشتن. ئەوانەی تازەش دەگەیشتنێ، دەیانپرسی: «ئەوە چ باسە؟» و بەدوای ئەم قسەیەدا، چاویان لە نووچکی چنارەکە دەبڕی.

ڕووناکییەک، تیشکی خستە سەر چرابەرقەکان. چەند کەسێکی دووچەرخەسوار، لەوبەری شەقامەکەوە دابەزین و بەرەو ئەم بەر هاتن. پۆلیسی هاتوچۆ، پێشی بەوانیش گرت. جارجار بای تەگەری دووچەرخەیەک، فسەیەکی دەهات و بێ دەنگ دەبوو، بە دوای ئەویشدا، پرتەوبۆڵەی دووچەرخەسوارەکە، گوێی خەڵکەکەی ئازار دەدا.

کابرای سەر چنارەکە، جووڵەیەکی کرد و خوار بووەوە؛ لەتاوان دەستی بە لکێکی چنارەکەوە گرت و خۆی گرتەوە. کەس دەنگی لێوە نەدەهات. تێکڕا چاویان لە سەرێ دەکرد. لەپڕ کابرا خەپەتۆڵەکە، زاری بە گوێچکەمەوە نا: «ئەوە ئێستا خۆی بەرناداتەوە، ڕادەوەستێ چۆڵ بێ...»

لە سەرووی جەماوەرەکەوە، ملم قوت کردەوە و دیتم نۆتۆمبێلە سواریيەکە ڕۆیشتووە

و شەقامەکە، خەریکە چۆڵ دەبێ، بەڵام پیادەڕێکە بە ڕێبوار و دووچەرخەسوار ئاخنرابوو و سەرتەیان دەگەیشتە گوێی مەن.

وەڕەز بووبووم، بەزۆری لەنێو خەڵکەکەدا خۆم دەرباز کرد. دوو سێ کەنیشک لەپشت جەماوەرەکەوە وێستابوون، یەکیان زۆر جوان بوو، خاڵێکی ڕەش بەسەر لێویەوە بوو. دووبارە نیگام بەرەو سەرەوە سووڕاند، کابرا لەو بەرزاییەوە، پشتی لە شەقامەکە کردبوو و لەحاست خۆیەوە، چاوی لەپشت دووکانەکان دەکرد، شەکەت و ماندوو، دەوراندەوری شەقامەکەم پێوا. کاتێک ئاوڕم دایەوە؛ دیتم چۆڵتر بووە، بەڵام کابرا هەروا لەسەر نووچکی چنارەکە هەڵنیشتووە.

لەو دەورویەرە، پسوولەیەکی سینەمام کڕی و خۆم ون کرد، بەڵام وێنەی کابرایەک- کە لەسەر چەقی شەقامەکە، پان بووبووە و خوێن لە کونی گوێ و لووتییەوە دەهات- لەپێش چاوم ون نەدەبوو. ماوەیەک خۆم لێ بێ خەیاڵ دەکرد، بەڵام دیسان هەمان قەڵافەتە شڕۆڵەکە، بە سەری شکاو و مێشکی پڕژ و بڵاوی، لە نێوەڕاستی شەقامەکەدا، دەهاتەوە بەرچاوم.

هیچ لە فیلمەکە تێنەگەیشتم. کاتێک هاتمە دەرێ؛ شەقامەکە، پەپوو لێی دەخوێند، بەو حاڵەش دووکانەکان کرابوونەوە. جەماوەرەکە بڵاوەی کردبوو، شاگردشۆفێرەکان بەو دەنگە گڕ و ناخۆشەیانەوە هاواریان دەکرد: «مزگەوتی جامیعە، پەهلەوی، کاکە سوار نابی؟... زووکە، بە جێ دەمێنی!»

کاتێک گەیشتمە بن چنارەکە، چۆڵوهۆڵ بوو و کابراش لەوێ نەمابوو. بەرانبەر بە چنارەکەش، دوو پیاو وێستابوون و قسەیان دەکرد. لە یەکیان، کە موو بە تەپڵەسەریەوە نەمابوو و دەستە بە مووەکانیشی هەتا ئەنیشکی هەڵکردبوو، پرسیم: «کاکە بووبووە! ئەو هەتیوە، چی بەسەر هات؟»

کابرای سەرتاس، بە بێ حاڵی چاوێکی لێ کردم و کوتی: «کاکە بە تۆ چی؟ کاتێک دیتی شەقامەکە چۆڵ بووە، هاتە خوارەوە و ویستی بڕوا، کەچی...»

کابرای تەنیشتی کە دەتکوت بە حەوت مانگە لە دایک بووە، هەڵیدایە: «کاکە! هەر بە ڕاست، بۆ چووبووە ئەو سەرە؟»

ئاواڵەکەی، وەڵامی دایەوە: «بە خودا نازانم، ڕەنگە بەتەمای خۆکوشتن بووبێ، دوایەش پەژیوان بووبێتەوە.»

شاگردی دووکانێک کە تازەلاوێک بوو، بە گاڵتەوە سەری لەنێو دووکانەکە دەرهێنا و کوتی: «ڕەنگە چاوی لە فیلمەکە کردبێ!»

کابرا سەرتاسەکە، بە بێ حاڵییەوە منگاندی: «قوڕ بە تەوقی سەری!...دەبێ جارێ لە گۆشەی بەندیخانەدا بکەوێ، با فێر نەبێ چاو لە فیلمی بەلاش بکا!»

بۆ سبەینێ بەیانی، چەند کەس لە زبڵ ماڵەکانی شارەداری، کۆنەچناری «شەقامی چواراغ»یان دەبڕییەوە.

هووشەنگ گوڵشیری، چیرۆکنووسی مەزن و ناوداری فارس، ژیانی خۆی بۆ زیاتر بەرەوپێش بردنی ڕەوتی چیرۆکنووسی لە ئێران، تەرخان کرد. ئەم نووسەرە هەروەها، گەلێک بەرهەمی پاراو و بەهێزی لەم بوارەدا، لە گۆڤاری وەک «پیام نوین»، «لوح» و...دا بڵاو کردەوە. گوڵشیری وێڕای ئەوەی هەمیشە لەگەڵ ڕەگەزی وەک «زمان»و «پێکهاتەی چیرۆک» و.. ،لە پێوەندییەکی وشیارانەدا بووە؛ لەگەڵ ئەوەشدا «ساکاربوون»ی وەک ئەسڵێک، بۆ تێگەیشتنی گشتی ڕەچاو کردووە. چیرۆکی شەقامی چواراغ، بە ئاشکرا و بە زمانێکی ساکار، مەودای نێوان ڕۆشنبیر و چینی ڕەشۆکی کۆمەڵگا، پێشانی بەردەنگ دەدا.

سەرچاوە: نیمەی تاریک ماە، داستانهای هوشنگ گلشیری، تهران، نیلوفر، ۱۳۸۰، لاپەڕەی۳۵-٤۱.